

# ڕۆڵی ئافرەتان لە سەرخستنی ڕیفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی

ئەگەرچی ریفراندۆم بۆ پرۆسەیەکی نەتەوەیی و دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەت، گشت هاونیشتمانییەك دەگرێتەوە و هیچ جیاکارییەکی رەگەزی نابێت تێیدا رەنگ بداتەوە، بەڵام بیرمەندان گوتەنی ئافرەتان نیوە باشەکەی کۆمەڵگەن و لە پەروەردەکردنی نەوەکان و گۆشکردنیان بە هەست و سۆز و بیری نەتەوەیی رۆڵی گەورە و بەرچاویان هەیە، لە ئێستاشدا کە باشووری کوردستان لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نزیك دەبێتەوە، گرنگە بزانین ئافرەتانی کورد چۆن دەبێت شان بدەنە ژێر ئەو بارە چارەنووسسازە کە مانەوە لەگەڵ عێراق، یان جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان دەستنیشان دەکات. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان را و سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا د. ڤیان سەبری ئەندامی یەدەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە بارودۆخەکە گونجاوە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە لەسەر ئایندەی خۆیان و مانەوەیان لەگەڵ عێراق، یان جیابوونەوە بڕیار بدەن.
گوتیشی: «سەربەخۆبوون هەنگاوێکی مەزنە و لەوانەیە گرژی لەگەڵ بەغدا دروست بکات و گرفتی دیکەشمان بێتەڕێ، بەڵام گەیشتن بەم مافەمان کارێکی مەحاڵ نییە، بەڵکو پێویستی بە هۆشیاری سیاسی هاوبەشی ژن و پیاو هەیە، پێویستی بە چڕکردنەوەی تێڕوانینەکانە لەسەر گرنگیی بەشداری ژن لە تێکڕای کایە گرنگەکان، بەشداری پێکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە دوور لە جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی و مەزهەبی لە پێناو هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن لە ئاییندەدا.»
د. ڤیان ئاماژە بەوە دەکات کە «بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان گەلی کوردستان گەلێکی ڕەسەن و دۆستی گەلانی جیهانن، لە سەرووی هەموویانەوە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدنی و سیاسییەکانە کە ساڵی ١٩٦٦ دەرچووە و عێراق لە ساڵی ١٩٧٠ پێوەی پابەندبوو.» گوتیشی: «لە هەلومەرجی ئێستادا بە یەکگرتن و یەکدەنگی و وەلانانی بەرژەوەندی کەسی و حزبی دەبێت کار بکەین و بەرژەوەندی هەرێمەکەمان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە بێت. بێگومان پرسی سەربەخۆیی گەلی کورد ئەگەرچی مەحاڵ نییە، بەڵام کارێکی ئاسانیش نییە، بەهۆی ناجێگیری باری سیاسی عێراق دوودڵی و ترس لە بەرپرسیارێتی لای تاکی کورد دروست بووە، ئەویش لە سایەی توندڕەوی قەومی شۆڤینی و بیری ڕەگەزپەرستی زۆرینەی سەرکردە عێراقییە عەرەبەکانەوە کە هەمیشە بەرامبەر بە سەرکەوتنەکانی کورد کینە لەدڵن، بێگومان ئەوەش بەربەست لە بەردەم ریفراندۆم دروست دەکات. ریفراندۆمێکی جەماوەری کە ئەگەری مانەوە و جیابوونەوە لە وڵاتێك دەستنیشان بکات، پێویستی بە قبووڵکردنی هەردوو لا لە موعادەلەکەدا هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی لە ناوخۆ و لە دەرەوەش قبووڵکراو بێت.» هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «وێڕای هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی تاوەکو ئەم ساتەش لێرە و لەوێ لە سیاسییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئەوان لەگەڵ سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کورد نین، بەڵکو لەگەڵ یەکپارچەیی عێراقدان، لێرەوە بەرپرسیاریەتییەکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی حزبە کوردستانییەکان و بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە لە حکومەت و پەرلەمان بەشدارن، پشکی زۆری ئەو بەرپرسیاریەتییەش بەر پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەوێت. هەروەها ئەرکێکی قورسیش دەبێ لەسەرشانی ئافرەتانی ناو حزبە سیاسییەکان و ئافرەتانی پەرلەمانتار، ئافرەتانی کۆمەڵی مەدەنی و ئافرەتانی ئەکادیمی کە بە جددی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی لە هەمبەر گرنگیی بەشداریکردنی لە ریفراندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی گەل کار بکەن و ئەکتیڤ بن بۆ ئەوەی ریفراندۆم ببێتە هەڵمەتێکی سیاسیی بەهێز بۆ ڕازیکردنی وڵاتانی جیهان، بەتایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی گەلەکەمان مافی چارەی خۆنووسین بەدەست بێنێت، شوێن پەنجەی ئافرەتیش بە هەموو هێزیەوە لەم دەستکەوتەدا بدرەوشێتەوە.
فەریدە قوبادی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «سەربەخۆیی کوردستان ئاواتی هەموو تاکێکی کوردە و دەیان ساڵە لە پێناویدا کورد خوێن و ڕۆح و گیانی خۆی بەخشیوە، بۆیە بەشداری لە ریفراندۆم نەك ئەرك و مافی هەر تاکێکی کوردە، بگرە ئەوە ئەولەوییەتە بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدانمان بە فیڕۆ نەڕوات.» بەڵام هەر لە ئێستاوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەو دەوڵەتە لە سەر بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بونیاد بنرێت، بۆ ئەوەی چیدیکە ژنی هاونیشتمانی لە کوردستان سەر بە هەر نەتەوە و ئایینێك بێت، هیچ پیاوێك نەوێرێت ئازاری بدات».
کەسایەتی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ دکتۆر مەغدید سەپان، سەبارەت بەهەمان پرس بەمجۆرە تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو: «ئافرەتی کورد وەك پیاو دەتوانێ خزمەتی ریفراندۆم بکات و کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان، یان دەوڵەتی کوردستان بکات. لەوانەیە باش نەبێ، لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ئافرەت لەپیاو جیابکەینەوە، چونکە باس لە کوردستانێك دەکرێ، کە دەبی بۆ هەموو کەسێك وەك یەك بێت و هەموو کەسیش تێیدا مافی پارێزراو بێت، چونکە دەوڵەت بۆ هەموو هاووڵاتییێکە کە لە خۆشی و ناخۆشییەکان بە یەکسانی تێیدا بەشدارن، نەك بۆ کەسێك و دووان». گوتیشی: «ڕاستە بەشی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواری لەو ئازادییەی کە هەزاران کەس گیانیان بۆی بەخت کردووە، کەمترە لەوەی شایەنی ئازایەتی و ماندوویی نەزانی و جوانیی ئەوان بێت و کەمترە لەوەی ئێمە خەونی پێوە دەبینین، بەڵام زیاترە لەوەی کۆنەپەرستان بە ژنانی ڕەوا دەبینن. سەبارەت بە پرسی ریفراندۆمیش بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دەبێ لەلایەن کەسانی شارەزا و بەتوانا بۆ ماوەیەکی زۆر لە میدیاکان بە چڕی باسی لێوەبکرێ، چونکە بە گوێرەی هەندێك نووسراو و بەرنامەی تەلەفزیۆنی، دیارە تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە و جەماوەر پێویستی بە زانیاری زۆرتر هەیە. دەبێ توێژینەوەی قووڵ و هەفتانە و ئاماری نوێی لەسەربکرێ، بۆ ئەوەی لەم دێبەیت و گفتوگۆ و بەرنامە و نووسینانە وەڵامی هەموو پرسیارێك بدرێتەوە، کە خەڵك پێش دەنگدان دەبێ بیزانن.»
ئەوەشی ڕوونکردەوە کە پرسی ریفراندۆم لە مێژوودا پرسێك نوێ نییە و کورد داینەهێناوە، بەڵکو لە هەموو وڵات و کۆمەڵگەیەك لەسەر پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکان، وەك نەریت و ئەرکێکی نیشتمانی ڕای جەماوەر وەردەگیرێ، کە ئایا ریفۆرم لە دەستوور بکەن، یان پارەی وڵات بگۆڕن، یانیش بچنە ناو یەکێتییەك لەگەڵ کۆمەڵێك وڵاتی دراوسێ، یان لە دەوڵەتێك جیاببنەوە. ئەم پرسکردنە، دیوە جوانەکەی سیستمی دیموکراتییەتە و بەردەوامیش حکومەت و حزبە گەورەکان بە وەڵامی ڕازین و وەك خۆی قبووڵی دەکەن.»
نووسەر و وەرگێڕ سامال ئەحمەدی سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە بۆ گوڵان ڕاوسەرنجی خۆی دەربڕی: «یەکێك لە پێوانەکانی سەرکەوتنی پەرەسەندوویی هەمەگیری کۆمەڵگە بەشداریکردنی سەرلەبەری ئەندامانی کۆمەڵگەیە لە کاروباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیاندا. هەرچەند تاکو ئێستاش لە سەرانسەری دنیادا و بەتایبەت لە وڵاتانی خۆرهەڵاتیدا پیاوان زیاتر نەیانویستووە و ئەگەر تاکو ڕادەیەك ویستبێتیشیان نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی باش بەرگری لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژنان بکەن، بەڵام نەشیانتوانیوە ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە بەشداریکردن و هاوبەشیی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیان و بەتایبەت لە کاروباری سیاسیدا پێویستییە و ئەگەر ئەو توێژە گرینگەی کۆمەڵ، کە نیوەی کۆمەڵگە پێك دێنێت، لە هاوکێشە و کاروبارە سیاسییەکاندا بەشداری نەکات، لانیکەم دیموکراسی تووشی نەزۆکی دەبێت.» گوتیشی: «یەکێك لە گرینگترین میکانیزمەکانی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان ریفراندۆمە، کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك، یان نەتەوەیەك لەو ڕێگایەوە ویستی خۆیان ڕادەگەیەنن، نەتەوەی کوردیش

**ئەگەر شکۆی مرۆڤ لەو دەوڵەتەدا پارێزراو بێت بە بێ ئەوەی سەیری ڕەگەزی بکرێت و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بچەسپێندرێ و ئافرەتیش وەک پیاو لە کردنەوەی گرێکوێرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بەشدار بێت، ئەو کات ئافرەت دەتوانێت دایکێکی باش بێت بۆ پەروەردەی منداڵەکانی و هاوسەنگەرێکی باش بێت بۆ برای پێشمەرگەی و کچێکی دڵسۆزی ئەو سەرۆکەش دەبێت کە دەیەوێت بۆ نەتەوەکەی باوکێکی باش بێت**

**لە ساڵی ١٩٥٣ بارزانی مستەفا پێش هەمووان درکی بە سەنگ و توانای ئافرەتان کرد، بۆیە (ڕێکخراوی یەکیتی ئافرەتانی کوردستان)ی بۆ دامەزراندن تا لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا ئافرەتان پەرە بە توانا و ئامانجەکانی خۆیان بدەن و ڕیزەکانیان بۆ کوردایەتی و خزمەتی خاک و نیشتمان یەک بخەن**

**هەر لە ئێستاوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەو دەوڵەتە لە سەر بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بونیاد بنرێت، بۆ ئەوەی چیدیکە ژنی هاونیشتمانی لە کوردستان سەر بە هەر نەتەوە و ئایینێک بێت، هیچ پیاوێک نەوێرێت ئازاری بدات**



یەکێک لە نەتەوە هەرە گەورەکانی دنیایە، کە تاکو ئێستاش نیشتمانەکەی لەلایەن چوار پێنج وڵاتەوە داگیرکراوە، هەربۆیە لە مێژووی خۆیدا چەندین شۆڕشی گەورەی خولقاندووە، کە سەرباری جینۆساید و ئەنفال و کۆمەڵکوژکران، توانیویەتی هەبوونی خۆی بپارێزێت و لانیکەم بەشێکی نیشتمانەکەی رزگار بکات. ژنی کورد، سەرباری ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی رەگەزیشی دەرهەق کراوە، چونکە فەرهەنگی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، کە زیاتر لە ژێر کاریگەریی، فەرهەنگێکی پیاوسالار بووە و زۆر بە کەمی ئیجازەی بە ژن و بەتایبەت بە ژنی کورد داوە دەنگی خۆی دەرببڕێت. بەڵام لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا، ژن لە گەلێك بواردا پاڵپشت و تەنانەت کۆڵەکەی شۆڕشەکانی کورد بووە. هەربۆیە لەم دۆخەشدا، کە بەشێکی نیشتمانی کورد ئازادە و سەرباری ئەوەی کە گەلی ئەو بەشە ئازادەی کوردستان زیاتر لە ١٢ ساڵە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ باقیی گەلانی عێراق دەدات، کەچی ئەقڵییەتی نێوەندخوازی عێراقی لەم قۆناغەدا ئەو گەلە ئاشتیخوازەی ناچار کردووە بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە، ژنی کورد دەبێ بە شێوەیەکی یەکسان و بەبێ هیچ جیاوازییەك لەگەڵ پیاوان هەوڵ بۆ سەرخستنی ریفراندۆمی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بدات.چالاکی مەدەنی مەهاباد خەسرەو رایوایە: «ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگەن و دەتوانن کاریگەرییان لە سەر گشت جومگەکانی کۆمەڵگە هەبێت، بەڵام هەتا یاساکان گرێدراوی نەریت و کەلتووری کۆن بن، بەربەست لەبەردەم کاریگەرییان دروست دەکرێت و سوود لە تواناکانیان وەر ناگرن.» گوتیشی: «ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەك، پرسێکی نەتەوەییە و گرنگە وەك تاك تێیدا بەشدار بین و نابێت هیچ عەقڵییەتێك رێگری بۆ دروست بکات. بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت خۆمان لە دەست یاساکانی گرێدراوی کەلتوور و نەریت و شەریعەت رزگار بکەین.»

نوخشە جۆلا چالاکی مەدەنی و پەروەردەییە و سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «وەکوو مرۆڤێکی کورد بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ جیابوونەوەم لە عێراقێك، کە دوای داعش حەشدی شەعبیمان تووش دەکات.» گوتیشی: «لە دەنگدان بە درووستکردنی دەوڵەت، زۆر فاکتەر هەن کە دەبێت لەبەر چاوی بگرین، بۆ نموونە ئەگەر ئایین لە سیاسەت جیا نەکرێتەوە، یان ئەگەر یاساکانی ئافرەت بکاتەوە بە کۆیلە، ئەوا ئەو دەوڵەتە هەر دروست نەکرێت باشترە، دەبێت لەو دەوڵەتەدا مرۆڤ شکۆی هەبێت، بە بێ هیچ جیاکارییەکی رەگەزی و ئایینی و تائیفیی، بەڵام ئەگەر شکۆی مرۆڤ لەو دەوڵەتەدا پارێزراو بێت بە بێ ئەوەی سەیری رەگەزی بکرێت و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بچەسپێندرێ و ئافرەتیش وەك پیاو لە کردنەوەی گرێکوێرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بەشدار بێت، ئەو کات ئافرەت دەتوانێت دایکێکی باش بێت بۆ پەروەردەی منداڵەکانی و هاوسەنگەرێکی باش بێت بۆ برای پێشمەرگەی و کچێکی دڵسۆزی ئەو سەرۆکەش دەبێت کە دەیەوێت بۆ نەتەوەکەی باوکێکی باش بێت.»

ئیسماعیل هەنارەیی کارگێڕی ناوچەی چەمچەماڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «لەساڵی ١٩٥٣ بارزانی مستەفا پێش هەمووان درکی بە سەنگ و توانای ئافرەتان کرد، بۆیە (رێکخراوی یەکیتی ئافرەتانی کوردستان)ی بۆ دامەزراندن تا لە چوارچێوەی ئەو رێکخراوەدا ئافرەتان پەرە بە توانا و حەزەکانی خۆیان بدەن و ریزەکانیان بۆ کوردایەتی و خزمەتی خاك و نیشتمان یەك بخەن.» گوتیشی: «چۆن لە رابردوودا ئافرەتان خەباتیان کردووە بۆ ئەم رۆژگارەی ئێستا کە گەلی کورد بە ئازادی بگەیەنن، لە ئێستاشدا ئەرکێکی مەزنتر هاتۆتە رێگەی ئافرەتانی کوردستان ئەویش خەونی لە مێژینەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و گەلی کوردە، کە لە سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستاندا بەرجەستە بووە. لەم قوناغەدا دەبێت ئافرەتان ریزەکانیان رێکبخەن و لە چوارچێوەی ئۆرگانەکان و رێکخراوەکان و دەستەکاندا لە نێو کۆمەڵگەدا چالاکیی ماندوویی نەناسانە ئەنجام بدەن و ئاراستەی بیری نەتەوەیی و سەربەخۆییان بکەن، بە باس و خواس و کۆڕ و سیمینار و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە لە سەر گرنگی و سەربەخۆیی و ئەرك و مافی ئافرەتان لەپرسی ریفراندۆمدا کاری جددی بکەن، چونکە بە سەربەخۆیی کوردستان ئافرەتانی کورد زیاتر و زۆرتر لە بەدەستهینانی مافەکانیان نزیکتر دەبنەوە و گەلی کورد بە خەونی چەندین ساڵەی دەگات.»

نووسەر و رۆژنامەنووس گوڵستان وەلی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆربەی نەتەوەکانی جیهان کە لە ئێستادا خاوەنی دەوڵەت و شوناسی تایبەت بە خۆیان و خاوەنی شکۆ و سەروەرین، ژن رۆڵی گرنگی لە خەبات و رزگاری ئەو نەتەوانەدا هەبووە. بێگومان مێژووی کوردستانیش پڕە لەو دایکانەی نەترسانە و بوێرانە و لێبوردانە خوێنی پاکی هاوسەر و کوڕ و برا و باوکیان لە پێناوی ئازادی گەلەکەیاندا بە خاکی پیرۆزی کوردستان بەخشیوە، تەنانەت لە ئێستاشدا سەدان کچی ئازا و چاونەترس لە بەرەکانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش خاکی پیرۆزی کوردستان دەپارێزن، لە ئێستاشدا ژنی کورد دەبێ سەرەتا لە پێناو بە دەستهێنانی مافە رەواکانی خەبات بکات و ئەم خەباتە گرێبدات بە خەبات لە پێناو رزگاری و بە خاوەن دەوڵەت بوونی نەتەوەکەی و ریفراندۆمیش گرنگترین پرسی شوناسی نەتەوەیە و دەنگی زۆرینە و پێکهاتەی نەتەوەیە و بە دڵنیاییەوە لەم پرۆسەیەدا ژن رۆڵی سەرەکی دەبینێت. ژن وەك کاراکتەرێکی چالاك لە دروستکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و لە پرسی شوناسدا رۆڵی هەیە و هیچ شوناسێك بە بێ ژن ناکرێ. ئەو شوناسەی ژنی تێدا نەبوو، کەلێنی گەورەی تێدەکەوێ، بۆیە دەڵێن زمانی دایك، لەبەر ئەوەی دایك لە سەرەتاوە منداڵ پەروەردە دەکات، ئەو پەروەردەکردنەشە کە ئینتیمای نیشتمانی دروست دەکات. لەئێستاشدا گرێدانی ژن بە ریفراندۆمەوە گرێدانێکی پێویستی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و ئەگەر ژن لەو بوارەدا پشتگوێ بخرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو نابێت، چونکە ژن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە و توانای ئەوەی هەیە زۆر شت یەکلایی بکاتەوە، تەنانەت دەتوانێ مانەوەی نەتەوە لە جوغرافیایەك جێگیر بکات، یان بیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، با ئەوەما لە بیر نەچێت کە بەشێکی زۆر لەو کەسانەی دەنگیان دا بە جیابوونەوەی ئیرەلەندا و ئیسکۆتلەندا، ژن بوون.»

**یەکێک لە دەستکەوت و دەرهاویشتە هەرە گرینگەکانی دیموکراسی لە کاروباری سیاسیدا بەشداریکردنی هاوبەشیخوازانەی سەرلەبەری ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤە لە دیاریکردن و بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسیی خۆیاندا**

**ژن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە و توانای ئەوەی هەیە زۆر شت یەکلایی بکاتەوە، تەنانەت دەتوانێ مانەوەی نەتەوە لە جوغرافیایەک جێگیر بکات، یان بیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، با ئەوەما لە بیر نەچێت کە بەشێکی زۆر لەو کەسانەی دەنگیان دا بە جیابوونەوەی ئیرلەندا و ئیسکۆتلەندا، ژن بوون**




# سیستمی پەروەردە و فێرکردن هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت

هەرێمی کوردستان ئەوەندەی پێویستی بە ژێرخانی ئابووری و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، هێندەش پێویستی بە سیستمێکی پەروەردەیی ستاندارد و گونجاو هەیە، ئەگەرچی هەوڵێکی باش بۆ برەودان و پێشخستنی سیستمی پەروەردەیی هەیە، بەڵام شارەزایان باسی ئەوە دەکەن کە هەوڵەکان دۆخێکی ئاڵۆز و ترسناکی پەروەردەیی دروست کردووە، لەبەر ئەوەی ناڕاستەوخۆ بە ئاراستەی بە تەمبەڵکردنی قوتابی هەنگاو نراوە و زۆر کێشە و گرفتی دیکەش بە زەقی لە سیستمی پەروەردە و فێرکردن هەستی پێدەکرێت، بێئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆ بدرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە قسەی خۆیان هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«لەو نەبوونی و بێکارییەشدا کڕینی مەلزەمە بۆ منداڵە قوتابییەکانم وەك نـان و ئـاو پێویسـت بـووە، کـە بۆ هەر یەکێکیـان نزیکەی ١٠٠ هەزار دینارم بە مەلزەمە داوە، وێڕای بەشداریکردنیان لە خولەکانی بەهێزکردن کە بۆ هەر وانەیەك ٧٥ هەزار دینارم داوە.» ئەوە قسەی سەمیرە مەعروف بوو. ئەو خاتوونە کە توێژەری کۆمەڵایەتییە وەك خۆی باسـیکرد دایکی دوو قوتابییە و کچەکەی لە پۆلی دوازدەیە و کوڕەکەشی لە پۆلی دە دەخوێنێت، سەمیرە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێـت: «زۆربـەی خێزانـی قوتابییەکان لـە بارودۆخێکی خراپدان و لە تاقەتی خەرجی قوتابی نایەن، خێزان هەبووە بەهۆی نەبوونییەوە ئەمسـاڵ منداڵەکـەی لـە خوێنـدن دەرهێناوە و چاوی لەوەیە سـاڵی داهاتـوو ئـەو قەیرانـە تێپەڕێ، زۆربـەی ئەوانەش کـە منداڵەکانیان لـە قوتابخانـەی ئەهلـی بـوون، بەهـۆی ئـەم قەیرانـە منداڵەکانیان گەڕاندۆتەوە بۆ قوتابخانە حکومییەکان، ئەوەش لە رووی دەروونی و توانسـتی زانسـتییەوە زەرەر بە قوتابییەکە دەگەیەنێت و ئاسـت و توانـای فێربوونـی دادەبەزێنێـت، دوور نەڕۆیـن، کچەکـەم لە وانەی ئینگلیـزی لاوازە و داوای مامۆسـتای تایبەتـم لێـدەکات، بـەڵام بـە مووچـەی ئەمـڕۆی فەرمانبـەر دوو ملیـۆن لـە کـوێ بێنـم بۆ مامۆستای وانەی تایبەت؟»

حەسـەن قەرەداخـی بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی شـەهیدانی قڕگـە، رایوایە: «کەس ناتوانێ نکۆڵی لە ئاستی نزمی زانستی پرۆسەی خوێندنـی کوردسـتان بـکات، ئەگەرچـی زۆربـەی مەنهەجـەکان لە ئێسـتادا تاڕادەیەك نوێ و تەنانەت جیهانی و سـەردەمییانەیە، بەڵام لـە راسـتیدا گەیاندنـی و پێشکەشـکردنی و پرۆسـەی فێرکردنـی کـۆن و ناسـەردەمی و بەسـەرچووە، بـە جۆرێـك، فێرخـوازی ئێسـتا ناتوانـێ لـە رێگـەی تەنیا گوێگرتنەوە ئەو بابەتانـە فێر ببێت، واتا ئێمـە مەنهەجی زانسـتی باشـمان هەیە، بـەڵام قوتابخانـە و زانکۆ و مامۆسـتا و کادیـری پـەروەردەی باشـمان نییـە، بۆیـە قورسـایی زانسـتی لە سـەر قوتابی بە رادەیەکە تەنیا نابینایەکی حافیزولعیلم بەرهەمدێنـێ.» گوتیشـی: «مەلزەمـە و مەنهەجـی زۆری زانسـتی جگە لـە ئینتەلاکردنی پرۆسـەی فێرکردن هیچی تری لێناکەوێتـەوە. بڕوانـن تـەواوی خوێندنە پیشەییەکان جگە لە پزیشـکی هیچ نرخ و بەهایەکـی نییـە، چونکە پرۆسەی خوێندنی ئێمە تەنیا بەدەستهێنانی بڕوانامەیە. واتا ئێمە حافیزولعیلم بەرهەم دەهێنین. دەبوو زانکۆکان بە داهێنانەکانیان بازاڕ بوونایە بۆ فێرخوازەکانیان، نەك بە پێچەوانەوە. دەبووایە لە پۆلی دوازدە یـەکلا بووایەتـەوە خوێنـدکار دەبێتە هەڵگـری کام بڕوانامەی پیشەیی. نمرەی پۆلی دوازدە دەست بە تورەگەکردنی چانسە و بۆیە پرۆسـەی پەروردە و فێرکردنی کوردسـتان وەك زۆربەی پرۆسـەکانی دیکەی ناوچەکە، قووتار نەبووە لەدەست کاریگەری خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتی، واتا پرۆسەی پەروەردە دوای سیسـتمی پەروەردەی باوی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەوتووە، ئێمەش جگە لە قورسکردنی باری سەرشـانی قوتابی بیرۆکەیەکی دیکەمان نییە بۆ باشـکردنی ئاسـتی زانسـتیی قوتابی، مەلزەمەش خۆبەدەستەوەدانی و فەشەلی مامۆستای ئێمەیە لە پێگەیاندنی قوتابییاندا.»

مامۆسـتا حەسـەن قەرەداخـی لە درێـژەی قسـەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە لە کوردستان زۆرترین مەنهەج دەخوێندرێت، کەمترین شت فێردەبـن گوتیشـی: «ئێمە فێری خەرمـان هەڵگرتنین و دەمانەوێ قوتابییەکانیـش وەك فەردەکان بئاخنین. بڕوانە قورسـایی مەنهەجی زانست چۆن لایەنی پەرورردە و خودی کەسایەتی قوتابی هاڕیوە. حکومەت بەو قەڵەوییە لە سەرەوەوە، پاشان قوتابخانە و ئینجا خێزان و دواتـر کۆمەڵگـە و مزگـەوت هەمـوو پێکـەوە لـە سـەر منـداڵ و خوێنـدکار و قوتابـی هەڵچنراون. دەبوو بەپێچەوانەوە بووایە ئەوان لە سـەرەوەی هـەرەم بوونایـە. خۆرئاوا ئەوەیـان هەڵگێڕایەوە و منداڵ و ژنیان خستە سەرەوە، حکومەت و ئەوانی دیکەشیان خستە خوارەوە».

حەسـیبە سـەعید ئیبراهیم مامۆسـتایە لە پەروەردەی سـۆران و لە دەسـتپێکی قسـەکانیدا دەڵێت: «لە دیدی منەوە کێشـەی گەورەی کوردسـتانەکەمان لـە زۆربـەی بـوارەکان لـە رووی فەرهەنـگ و سەقافەتەوە بگرە تاکو دەگاتە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و سیاسی، هـۆکاری هەموویان بۆ پەروەردەی ناتەواو دەگەڕێتەوە، ئەمـەش بەسـتراوە بـە کۆمەڵێـك فاکتـەری دیکـە کە هەموویان کاریگەرییان بە سـەر یەکـەوە هەیە. ئەگـەر بەراوردی وڵاتی خۆمـان لەگـەل وڵاتە پێشـکەوتووەکان بکەیـن، زۆر بە روونـی جیاوازییەکان و هـۆکاری ئـەو جیاوازییانەمـان بۆ دەردەکەوێـت. بـۆ



**کچەکەم لە وانەی ئینگلیزی لاوازە و داوای مامۆستای تایبەتم لێدەکات، بەڵام بە مووچەی ئەمڕۆی فەرمانبەر دوو ملیۆن دینار لە کوێ بێنم بۆ مامۆستای وانەی تایبەت؟**

**زۆربەی ئەوانەی منداڵەکانیان لە قوتابخانەی ئەهلی بوون، بەهۆی ئەم قەیرانە منداڵەکانیان گەڕاندۆتەوە بۆ قوتابخانە حکوومییەکان، ئەوەش لە رووی دەروونی و توانستی زانستییەوە زەرەر بە قوتابییەکە دەگەیەنێت**

**بە بڕیاری خودی وەزیر و بە بڕیاری کۆنگرەی پەروەردەیی بڕیار درا پڕۆگرامەکان بخرێنە سەر ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی قوتابی زانیارییەکانی بە ئاسانی بە دەست بگات**

نموونـە ژمـارەی قوتابـی لـە ٢٥ کـەس تێپـەر نـاکات لای ئـەوان، ئەمـەش وادەکات مامۆسـتا بتوانێـت لـە گـەل هەمـوو قوتابییەکان راسـتەوخۆ گفتوگـۆ بـکات، هەروەها مـاوەی مانـەوەی قوتابی لە قوتابخانـە لـە کاتژمێـر ٩ی بەیانـی تاکـو ٤ی ئێوارەیـە، ئەمـەش کاتێکـی زۆر باشـە کـە قوتابـی بتوانێت هەموو ئـەو بابەتانە لەوێ بە تەواوی فێر ببێت، بە شـێوەیەك کە پێویسـتی بە واجبی ماڵەوەش نەبێت. خاڵـی هەرە گرنـگ ئەوەیە کە مامۆسـتاش هەموو کات و فکـری خـۆی بـە ئامانجـی خزمەتکردنـی قوتابی تەرخـان کردووە و قوتابـی وەکـو منداڵـی خـۆی دەبینێـت و حکومـەت لـە رووی داراییەوە ژیانی ئاسـان کردووە، بۆ ئەوەی چاوی لە ئیشـێکی دیکە و سـەرچاوەی داهاتـی تـر نەبێت. بـەڵام لای خۆمـان هەمـوو ئەو شـتانەی کـە باسـم کـردن پێچەوانەیـە، واتـە قوتابی تەنیـا ٣ بۆ ٤ کاتژمێر لە قوتابخانەیە، لە بەر ئەوەی دوو دەوامی و سـێ دەوامی هەیە و ژمارەی قوتابییان لە هەر هۆڵێك لە سـەرووی ٥٠ قوتابییە و مامۆستا بە بەردەوام مێشکی لای سەختییەکانی ژیان و نەبوونی مووچەیەکی شایستەیە، ئەمەیە کە وایکردووە قوتابیەکان پێویستیان بە وانەی تایبەت و بەشداریکردن لە خولی بەهێزکردن هەبێت.»

حەسـیبە سـەعید جەختـی لـەوە کـردەوە کـە «بـێ سـەروبەری لـە سیستەمی پەروەردە هەیە و هەرساڵێك سیستەمێك لە سەر قوتابییان تاقـی دەکەنەوە و دواتریش سـەرناگرێت، ئەمـەش وایکردووە قوتابی پێویسـتی بـە مەلزەمـە و ئامـرازی تـری فێربـوون هەبێـت، چونکە مامۆسـتایان بـە تـەواوی شـارەزا نیـن و قوتابـی لـە دوای شـتێکە کـە بتوانێت زیادتـر لە وانەکە تێبگات.» گوتیشـی: «بە رای من ئـەو بۆشـاییانە بـە تەنیـا وەزارەتی پـەروەردە پێی پڕناکرێتـەوە، ئێمە پێویسـتیمان بە شۆڕشـێکی سـەقافی هەیە کە دەبێت هەموو لایەك کاری بـۆ بکەیـن و لـە هەمـووی گرنگتر کەمکردنـەوەی ژمارەی منداڵـە کـە نابێت هیـچ خێزانێك لە دوو، یان سـێ منـداڵ زیاتری هەبێـت. بـۆ ئەوەی لـە قوتابخانەکان کێشـەی دوو دەوامی نەمێنێت و قوتابـی بتوانێت کاتێکـی زیاتـر لە قوتابخانە بمێنێتـەوە، هەروەکو قوتابخانـە ئەهلییـەکان کـە ئێسـتا لـە کوردسـتان هـەن و قوتابـی پێویسـتی بـە هیـچ مەلزەمـە و خولێك نییـە. وەزارەتی پـەروەردەش دەبێ دەست بکات بە ریفۆرم و باشکردنی بژێوی ژیانی مامۆستا و راهێنانی مامۆسـتایان و بەرزکردنەوەی کۆنمرەی وەرگرتنی قوتابی لە کۆلێژی پەروەردە، هاوتای کۆلێژی پزیشکی و دانانی کۆمەڵێك مـەرج و پێـوەر لـە رووی زانسـتی و رەفتـاری و دەروونییـەوە بـۆ کاندیدەکان کە بتوانن ببن بە مامۆستای نموونەیی.»

خانزاد حەسـەن، چالاکی کۆمەڵی مەدەنی لە وڵاتی سـوید، رایوایە «سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا لە بنەڕەتدا سیسـتەمێك بـووە نەیتوانیوە لە ئاسـت توانا و بەهـرەی قوتابی بێت، ئەویـش بەهـۆی کۆمەڵـێ هـۆکارەوە، لـە سـەرووی هەموویانـەوە سیسـتەمی پـەروەردەی کوردسـتان کۆپـی سیسـتەمی وڵاتانـی رۆژئاوایـە، لـە هەرێمـی کوردسـتان پـەروەردە و فێرکردنیـش وەك زۆربـەی کایەکانـی دیکە بۆتە بازرگانی، لـە لایەك وانەی تایبەت لەلایەکـی تـر بەشـداریکردن لە خولی بەهێزکـردن و هەروەها کڕینی دەیـان مەلزەمە، سـەرباری هەمـوو ئەوانە ماوەیەکیش مامۆسـتاکان بایکۆتـی دەوامیـان کـرد و نەچوونە پۆلەوە، هەموو ئەوانە زەربەن لە قوتابـی دراون، لەبـەر ئـەوەی ئەرك و رۆڵی مامۆسـتایان لەبەرچاو نەگیراوە و بە ئەندازەی پێویسـت رێز لە پیرۆزیی پیشـەی مامۆستا نەگیراوە، تەنانەت پێش هاتنی قەیرانی داراییش مامۆستا نەیتوانیوە بەو مووچەیەی کە وەریدەگرێت بە ژیانێکی ئاسـوودە بژیت، ئەگەر حکومـەت هەوڵـی باشـترکردنی بژێوی رۆژانەی مامۆسـتا بدات و مووچەیەکـی وای پـێ بـدات کە پێویسـتی بـە کاری دیکە نەبێت، لـە بەرامبـەردا ئـەو مامۆسـتایانەی مووچە لـە وەزارەتی پـەروەردە وەردەگـرن، بۆیـان نەبـێ وانەی تایبـەت بڵێنەوە، ئەوا بـە دڵنیاییەوە قوتابـی پێویسـتی بـە خولـی بەهێزکـردن و وانـەی تایبـەت نابێـت، وەك ئـەوەی ئێسـتا لـە کوردسـتان دەگـوزەرێ. لە ئێسـتادا زۆربەی مامۆسـتایان دوای دەوامـی قوتابخانـە کارێکـی دیکـە دەکـەن، بەپێچەوانـەوە لـە وڵاتانـی رۆژئـاوا قوتابـی دوورە لـە دڵەڕاوکـێ و کێشـە و گرفـت، هـەر کێشـە و گرفتێکیـش بـۆ تـاك بێتە پێشـەوە، دەوڵەت راسـتەوخۆ و بەپەلە چارەسـەری دەکات، لەوێ لە سیستمی پەروەردە و فێرکردندا جیاوازی لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند و منداڵی بەرپرسان ناکرێت.

لـە بەرامبـەر ئـەو رەخنـە و پێشـنیارانەی هاووڵاتییـان، وەزارەتـی پەروەردەش قسەی خۆی هەیە و هەر لەو بارەیەوە شۆڕش غەفوری لـە راگەیاندنـی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان تایبـەت بـۆ گـوڵان گوتی: «بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتەکانی ئەم دواییەی پرۆسەی خوێندن وەزارەتی پەروەردە و خودی جەنابی وەزیر بـەر لـە هەمـوو شـتێك هەوڵـی چارەسـەرکردنیان داوە، لـە کاتێکـدا بـۆ ئێمـە بارێکـی زۆر قـورس بـوو لە خەڵکەکـە بگەیەنیـن کە ئەو کێشـانە کێشـە و گرفتێك نین کە خودی حکومەتی هەرێم دروسـتی کردبێـت، کە بۆ موزایەدەی سیاسـی وایان لـە خەڵکەکە گەیاندبوو، بۆیـە هەوڵمانـدا مامۆسـتایان لەوە هۆشـیار بکەینەوە کـە قەیرانەکە لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی حکومەتـی هەرێـم و وەزارەتـی پەروەردەیـە، ئـەوەش ماوەیەکـی زۆری ویسـت و دەرەنجـام بایکۆتکردنی دەوامی قوتابخانەکانـی لێکەوتـەوە، بـەڵام دواجـار راسـتییەکە لای خەڵـك ئاشـکرا بـوو و دەوامـی ئاسـایی دەسـتی پێکـردەوە، هـاوکات ئێمـە ئەزموونـی دهۆکمـان هەبـوو کە بە هـۆی زۆری ژمارەی ئاوارە لەم شارەدا قوتابخانەکان بۆ ماوەیەك ئاوارەی تێدا مایەوە، دواتر توانیمان وەرزی خوێنـدن بـۆ قوتابیـان درێـژ بکەینەوە، ئەگەر پێویسـتی کرد ئـەو ئەزموونـە دووبـارە دەکەینەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشـدا وێڕای نەبوونـی بودجـەی تایبـەت هیـچ پڕۆژەیەکـی وەزارەتـی پـەروەردە رانەگیـران، بەتایبـەت ئەو پڕۆژانەی کە تایبەتن بە کارکردن لەسـەر خودی قوتابی و مامۆستا، هەروەها بە هۆی ئەو قەیرانە داراییەی کـە هەیـە و بارودۆخێکـی ناچارییـە وەك هاوکارییـەك دەوامـی مامۆسـتاکانمان رێکخسـتۆتەوە و هەفتەی سـێ تا چوار رۆژ دەوام دەکـەن و بەشـە وانەکانی خۆیـان دەڵێنەوە.» گوتیشـی: «وەزارەتی پەروەردە هەمیشە هەوڵیداوە پڕۆگرامەکانی لەسەر بنەمای روونی و شـەفافی و پڕ زانیاری بێت، لەلایەکی دیکەوە کێشـەی مەلزەمە و مامۆسـتای تایبەت و خولەکانی بەهێزکردن کێشەیەکن پەیوەستن بە خودی قوتابی و کەسـوکارەکەی، ئەگەر قوتابی زیرەك بێت و لەناو پۆلدا گوێ لە مامۆسـتا بگرێ، هەرگیز پێویسـتی بە مامۆسـتای دەرەکی نابێت. گرتنی مامۆسـتای تایبەت لەناو پرۆسـەی خوێندن و سـێکتەری پـەروەردە بۆتـە دیاردە، وەك بینرا لە سـاڵانی رابردوودا یەکەمەکانـی کوردسـتان هـەم لـە منداڵە هـەژارەکان بـوون، هەم لەم قوتابییانە بوون کە مامۆسـتای تایبەتیان نەبوو، لە هەمان کاتیشـدا قوتابی قوتابخانە ئەهلی و نێودەوڵەتییەکان نەبوون. وەکو وەزارەت بە بڕیـاری خـودی وەزیر و بـە بڕیاری کۆنگرەی پەروەردەیی بڕیار درا پڕۆگرامـەکان بخرێنـە سـەر ماڵپەڕی وەزارەتی پـەروەردە بۆ ئەوەی قوتابی زانیارییەکانی بە ئاسانی بە دەست بگات، لە ئێستاشدا زیاتر لـە ٦٠٠ قوتابخانـە نـۆژەن کراوەتـەوە، چەندیـن قوتابخانـەی گەورە دروسـتکراون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشـدا ئەولەوییەتی کارەکانمان بۆ قوتابییانە ئینجا مامۆستا بەڕێزەکان.»

**ئەو بۆشاییانە بە تەنیا وەزارەتی پەروەردە پێی پڕناکرێتەوە، ئێمە پێویستیمان بە شۆڕشێکی سەقافی هەیە کە دەبێت هەموو لایەک کاری بۆ بکەین و لە هەمووی گرنگتر کەمکردنەوەی ژمارەی منداڵە کە نابێت هیچ خێزانێک لە دوو، یان سێ منداڵ زیاتری هەبێت**

**قوتابی تەنیا ٣ بۆ ٤ کاتژمێر لە قوتابخانەیە، لە بەر ئەوەی دوو دەوامی و سێ دەوامی هەیە و ژمارەی قوتابییان لە هەر هۆڵێک لە سەرووی ٥٠ قوتابییە و مامۆستا بە بەردەوام مێشکی لای سەختییەکانی ژیان و نەبوونی مووچەیەکی شایستەیە**

**کێشەی گەورەی کوردستانەکەمان لە زۆربەی بوارەکان لە رووی فەرهەنگ و سەقافەتەوە بگرە تاکو دەگاتە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و سیاسی، هۆکاری هەموویان بۆ پەروەردەی ناتەواو دەگەڕێتەوە**